# ڕۆژژمێری مانگرتنی کرێکارانی شیرکەتی واحدی ئۆتوبووسڕانی تاران

ئا/ جوامێر مارابی



لە ئێران درووست کردنی سەندیکای سەربەخۆی کرێکاری قەدەغەیە و بە کارێکی نایاسایی دێتە ئەژمار. تەنیا دو دامەزراوەی سەر بە رژیم واتە شورای ئیسلامی کار و خانەی کرێکار مافی چالاکییان هەیە. ئەم دوو دامەزراوەش لە ماوەی دەست بە کار بوونیانەوە هەتا ئێستا نیشانیان داوە کە لە ململانێ و خەباتی کرێکاران لەگەڵ رژیم و خاوەن کاراندا، هەمیشە لایەنی رژیم و خاوەن کارەکانیان گرتووە و بە کردەوە بوونەتە ئامرازێك بۆ بە لاڕێدا بردنی مافەکانی کرێکاران.

سەندیکای کرێکارانی شیرکەتی واحدی ئۆتوبووسرانی، ئەو سەندیکا سەربەخۆیەیە کە لە ماوەی یەکساڵی رابردوودا بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی کرێکاران دەستی داوەتە خەبات لە دژی پێشێل کردنی مافە کانی کرێکاران .

کرێکارانی شیرکەتی واحد لە مانگی رابردوودا بۆ جێبەجێ بوونی دواکارییەکانیان دەستیان دایە خەباتێکی شێلگیرانە و لێبڕاوانە و لاپەڕەیەکی درەوشاوە و زێڕینیان لە مێژووی هەڵسووڕانی خۆیاندا تۆمار کرد. لێرەدا چاوێك دەخشێنین بەسەر رووداوەکانی ئەم دواییەی خەباتی کرێکارانی شیرکەتی واحددا:

داوا کاری کرێکارانی شیرکەتی واحد بڕیتیە لە:

١- زیاد کردنی ئاستی حەقدەستی شوفێرەکانی شیرکەتی واحد بەرادەیەك کە بتوانن ژیانی خۆیان دابین بکەن. (حەقدەستی شوفێرەکان لە مانگدا کەمترلە ٢٠٠هەزار تمەنە).

٢- گەڕانەوەی ١٥ کەس لە هاوکارانی دەرکراویان بۆسەرکارەکانیان.

٣- دانانی یارمەتیدەری شۆفێر

٤- دانی پارەی نانی نیوەڕۆ بە بڕی ٨٠٠تمەن

٥- دانی جلی فۆرم بە شۆفێرەکان.

**١٦ی خەرمانان :**

کرێکاران بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین بە پێڕانەگەیشتن بە خواستەکانیان و هەروەها دەرکردنی ژمارەیەك لە هەڵسووڕوانی سەندیکا چرای ئۆتوبووسەکانیان رۆشن کرد.

**٩ی سەرماوەز:**

سەندیکا رایگەیاند کە ئەگەر دواکارییەکانیان لەبەرچاونەگرن و جێبەجێی نەکەن و رەوتی هەڵسووکەوتی خراپ لەگەڵ سەندیکا درێژەی هەبێت دەست دەدەنە مانگرتن.

**١ی بەفرانبار:**

مەنسووری ئۆسانلوو بەرپرسی سەندیکای شیرکەتی واحد و ژمارەیەکی دیکە لە هەڵسووڕاوانی سەندیکا دەستبەسەر دەکرێن.

**٥ی بەفرانبار:**

سەندیکا بۆ ئازاد کردنی مەنسووری ئۆسانلوو و هەروەها چوونەسەرەوەی ئاستی حەقدەستەکانیان و کۆتایی هێنان بەدەرکردنی ئەندامانی سەندیکا،مانگرتنیان راگەیاند. لە ئاکامی ئەم مانگرتنەدا لە ٦٠٠٠ئۆتوبووس نیوەیان کاریان نەکرد وجگەلە مەنسوور ئۆسانلوو باقی گیراوەکان ئازاد کران. سەرەڕای ئەوەکە بەرپرسان بەتایبەت شارەداری تاران وادەو بەڵێنێکی زۆر بە خەڵك دەدەن، بەڵام دواتردەردەکەوێت کە ئاکامەکەی بۆتە ئەوەکە ئەم سەندیکایە بە نایاسایی لە قەڵەم دەدەن. دادستان دەڵێت: کە مەنسووڕئۆسانلوو بە هۆی چالاکیی سەندیکایی نەگیراوە، بەڵکوو بەهۆی پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوە خارجی و خراپکار و جاسووسییەوە کە سزایان زیندانی درێژ ماوەو تەنانەت مەرگیشە، دەست بە سەر کراوە و دەبێ وەکوو هەڵسووڕاوێکی سیاسی محاکمە بکرێت. بۆ سەلماندنی ئەم تاوانە ئاماژە دەکەن بە ژمارە و لیستی حیسابی یارمەتی ماڵی هەڵسووڕاوە کرێکارییەکانی دەرەوەی وڵات.

**سێشەممە ی٤ ڕێبەندان :**

سەندیکای شیرکەتی واحد بە دەرکردنی راگەیاندنێك بۆ ئازاد کردنی مەنسوور ئۆسانلوو مانگرتن را دەگەیەنێت و بۆ گەیشتن بەم ئامانجە رۆژی ٨ ڕێبەندان دەست دەدەنە مانگرتن.

**چوارشەممە ٥ی ڕێبەندان:**

هەندێك لە ئەندامانی سەندیکا لەلایەن دادگای شۆڕشی ئیسلامی و بە دەستووری دادوەر قازی راسخ دەست بەسەر دەکرێن (نزیك بە ٤کەس لەئەندامانی لێژنەی بەڕێوەبەری سەندیکا)

باقی ئەندامانی لێژنەی بەڕێوە بەری سەندیکا بۆ بەیانی ئەو رۆژە بانگ کرانە دادگا.

سەندیکا بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین بە درێژەدان و زیندانی کردنی مەنسوور ئۆسانلوو بڕیاری دا رۆژی ٨ی ڕێبەندان دەست بدەنە مانگرتن.

**جومعە ٧ی ڕێبەندان :**

دوای راگەیاندنی مانگرتن لە لایەن کرێکارانی شیرکەتی واحدەوە، بەڕێوەبەری سەندیکا هاوڕێ لەگەڵ ٥ کەس لە ئەندامانی لێژنەی لە بەڕێوەبەری ئەوسەندیکا بانگ کرانە دادگای شۆڕشی ئیسلامی. ئەمە لە حاڵێکدایە کە شوێنی زیندانی کردنەکەیان نادیارە. دەنگۆی ئەوە بڵاو دەبێتەوە کە لە زیندانی ئێوین راگیراون.

_٤کەس لە هاوسەرانی ئەندامانی سەندیکاش دەست بەسەرکران.

_دامەزراوە سەربازی و بەشێك لە ئۆرگانە دەوڵەتییەکان بۆ شکست پێهێنانی مانگرتنی کرێکارانی شیرکەتی واحد، ئۆتوبووسەکانی خۆیان بۆ گواستنەوە و جێبەجێ کردنی موسافیرەکان هێنایە قەراخی تاران، لەوانە پارکی چیتگەر و لە شۆفێرەکانی هێزەنیزامییەکان لەوانە سپاو بەسیج کەڵکیان وەرگرت.

کۆمیتەی هەواڵنێریی سەندیکا بەدەرکردنی رایگەیاندنێك، وتیان کە سەرەڕای زیندانی کردنی هەندێك لە ئەندامان و گوشارەکانی سەر ئەوان، بەڵام مانگرتنەکەیان بەڕێوە دەچێت.

**شەممە ٨ی ڕێبەندان:**

سەر لە بەیانی ئەم رۆژە لە ١٠ ناوچەی تاران کە بڕیار بوو مانگرتنی تێدا بەڕێوە بچێت، هێزەکانی ئینتیزامی و ئەمنییەتی نزیك بە ٤٠٠ تا ١٢٠٠ کەس لە شۆفێرەکانیان دەست بە سەر کرد (ناوی ٧٥٠ کەسیان زانراوە).

شەڕ و پێکدادانی پرژ و بڵاو لە جەنەت ئاباد، مەیدانی رەساڵەت، نازی ئاباد، نەواب و حەسەن ئاباد لە نێوان مانگرتووان و هێزەکانی رژیمدا رووی دا، بۆ شکست پێهێنانی مانگرتنەکە هێزەکانی پۆلیس و لیباس شەخسیەکان لە گازی فرمێسك هێنەر کەڵکیان وەرگرت و لە تەواوی شوێنەکان کرێکارانیان دایە بەر لێدان و ئەزیەت و ئازار و هەڕەشەی تەقەیان لە کرێکاران کرد.

١٧ کەس لە خوێندکارانی زانکۆکانی تاران کە بە مەبەستی پشتیوانی لە مانگرتووان چوو بوونە مەیدانی حەوتی تیر گیران. ناوی ئەم کەسانە بڕیتیە لە:

سەعید حەبیبی ( ئەندامی شووڕای ناوەندی دەفتەری تەحکیمی وەحدەت)، بێهرووز کەریمی زادە (بەڕێوە بەری بڵاوکراوەی خاك)، مەزدەك تووسی نژاد، سرووش دەشتستانی، هوومەن کازمیان، مەجید ئەشرەف نژاد (دەبیری ئەنجومەنی ئیسلامی زانکۆی رەجایی)، کاوە عەباسیان، حسام تەهمتەن، عەلی نووری، میلاد کەریمی. هەروەها ژمارەیەکی دیکە لە خوێندکارانیش لە کاتی بڵاو کردنەوەی راگەیاندنی پشتیوانی لە ناو شاردا گیران.

_قاڵیباف شارەداری تارانیش لە وت و وێژێکدا سەندیکای بە نایاسایی ناساند و ئەندامانی ئەو سەندیکایەی بە دژی شۆڕش ناو برد.

مەئموورانی رژیم منداڵی بچووك و هاوسەری یەعقووب سەلیمی ئەندامی لێژنەی بەڕێوەبەری سەندیکایان بە بارمتە گرت هەتا خۆی تەحویلی هێزەکانی رژیم بدات.

**یەکشەممە ٩ی ڕێبەندان:**

خوێندکارانی دەست بە سەرکراو ئازاد دەکرێن، بەڵام دەستبەجێ بانگ دەکرێنە وەزارەتی علووم. ٥٠٠ کەس لە کرێکارانی بەند کراو لە زیندانی ئێوین رادەگەیەنن کە تا ئازاد کردنی خۆیان و تەواوی گیراوەکان، مان لە خواردن دەگرن.

یەعقووب سەلیمی بۆ ئەوەی منداڵ و هاوسەرەکەی ئازاد بکرێت، سەر لە بەیانی ئەم رۆژە خۆی تەحویلی دادگای شۆڕشی ئیسلامی دەدات.

دەنگدانەوەی خەبات و تێکۆشانی کرێکارانی شیرکەتی واحد هەر بەو جۆرە کە لە زۆر شوێندا ئاماژەی پێکراوە لە چوار چێوەی سنوورەکانی ئێراندا چووە دەرەوە و زۆر حیزب و لایەن و ڕێکخراو و کەسایەتی چەپ و ئازادیخواز و شۆڕشگێڕ لە سەراسەری دنیا پشتیوانی خۆیان لە خەباتی کرێکاران راگەیاند و بە شێوەی جۆرا و جۆر ئەم پشتیوانی کردنەیان لە خۆیان نیشان دا. یەکێکی دیکە لە دەستکەوتەکانی ئەم خەباتە ئەوە بووە کە کۆنفیدراسیۆنی نێونەتەوەیی ئیتحادییە سەربەخۆ کرێکارییەکان و فدراسیۆنی ئیتحادییە جیهانییەکان، رۆژی ١٥ی فیڤرییەیان وەکوو رۆژی جیهانی پشتیوانی لە کرێکارانی ئێران ناوزەد کرد. ئەوان داوایان لە هەموو ئیتحادییەکان لە سەراسەری جیهان کرد کە لە هەر وڵاتێك کە باڵوێزخانەی کۆماری ئیسلامی لێیە بچنە بەردەم ئەو باڵوێزخانەیە و خۆپیشاندان وەرێ بخەن. یان بە نەبوونی باڵوێزخانەی کۆماری ئیسلامی بچنە بەردەم وەزارەتی ناوخۆی وڵاتەکەی خۆیان و پشتیوانی خۆیان لە کرێکارانی ئێران دەربڕن.

کارگران شرکت واحد اتوبوسرانی تهران و حومه
سندیکا
تاسیس ١٣٤٧ - بازگشایی ١٣٨٤

## گرتن و سەرکوتکردنی کرێکارانی مانگرتووی شیرکەتی واحدی ئۆتوبووسرانی تاران مەحکووم دەکەین

مانگرتنی کرێکارانی شیرکەتی واحدی ئۆتوبووسرانی تاران و دەوروبەر کە بڕیار بوو لەمڕۆ شەممەوە دەست پێبکرێ، بە هێرشی مەئموورانی ئینتزامی و ئەمنییەتی و گرتنی سەدان کەس لە کرێکارانی مانگرتوو، سەرکوت کرا.

سەندیکای شیرکەتی واحد، هەفتەی رابردوو رایگەیاندبوو، کرێکاران و کارگێڕانی شیرکەتی واحدی ئۆتوبووسرانی تاران و دەوروبەر، لە رۆژی شەممە ٩ی ڕێبەندانەوە، هەتا بەدی هاتنی داخوازییەکانیان ماندەگرن. ئەوان خوازیاری ئازادیی خێرا و بێمەرجی مەنسووری ئۆسانلوو، بەرپرسی هەیئەتی بەڕێوەبەرایەتیی سەندیکای شیرکەتی واحدی ئۆتوبووسڕانی، بەدی هاتنی مافە سینفی و مەعیشەتییەکانیان و مافی پێکهێنانی تەشەککولی سەربەخۆ و ئازاد و سەندیکان.

بۆ تێکشکاندنی مانگرتنی کرێکاران، مەئموورانی ئەمنییەتیی دەسەڵاتی ئیسلامی، رۆژانی پێنجشەممە و جومعە، هێرشیان کردە سەر ماڵی هەڵسووڕاوانی کرێکاری و لە ماوەیەکی کەمدا ١٢ کەس لە ئەندامانی هەیئەتی بەڕێوەبەرایەتی و چالاکانی ئەو سەندیکایە و هەروەها هاوسەری ژمارەیەك لەو کەسانەیان دستبەسەر کرد و بۆ ژمارەیەکی دیکەش، بە خێرایی بەرگەی ئیحزارییەی دادگایان برد و رەوانەی دادگای ئینقلابیان کردن. سەرەڕای ئەم گرتن و بارمتەگیریانە دەسەڵاتی ئیسلامی بۆ بەرگرتن لە بەڕێوەچوونی مانگرتن، کرێکاران و شۆفیرانی شیرکەتی واحد، بوێرانە لە ١٠ شوێنی سەرەکیی تاران، وێڕای هاوسەر و منداڵەکانیان، مانگرتنەکەیان دەستپێکرد، بەڵام کردەوەی هێمنانە و یاسایی کارگێڕانی شیرکەتی واحد، لە هەمان ساتەکانی دەسپێکی مانگرتنەکەدا، سەرکوت کرا و هێزی ئینتزامی و لیباس شەخسییەکان، کە بە باتۆم و شتی دیکەش تەیار کرابوون، بە فەرمانی دەوڵەت، داخوازیی رەوای کرێکارانیان، بە لێدانی مانگرتووان و گرتنی سەدان شۆفێر و کرێکاران و هاوسەر و منداڵ کەم تەمەنەکانیان وەڵام درایەوە. مەئموورانی هێزی ئینتزامی و لیباس شەخسییەکان، ژمارەیێك لەو کرێکارانەی وا سوور بوون لە سەر بەشداریکردن لە مانگرتنەکەدا، بە توندترین شێوە دایە بەر لێدان و برینداریان کردن و دواتریش خستیاننە ناو ئەو ماشێننەی کە بۆ گرتن و راگواستنی گیراوەکان ئامادە کرابوون.

ئێمە هێرشی حکوومەتی بۆ سەر کرێکاران و سەرکوتکردن و گرتنی ئەوان بە توندی مەحکووم دەکەین و داوا لە هەموو ڕێکخراوە دیمۆکراتیك و نیهادەکانی پشتیوانی مافی مرۆڤ دەکەین بۆ پشتیوانی لە کرێکارانی سەندیکای شیرکەتی واحدی ئۆتوبووسڕانی تاران، لە هیچ هەوڵێك درێغ نەکەن. پێکهێنانی سەندیکای ئازاد و سەربەخۆ، سەرەتاییترین مافی کرێکارانە. ئەم مافە، ئەمڕۆکە لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا بە رەسمی ناسراوە و دەبوو لە ئێرانیش بە رەسمی بناسرابایە. ئێمە بە ئەرکی خۆمانی دەزانین، هەتا ئازادیی هەموو کرێکارانی لەبەند کراو و بەدی هاتنی خواستەکانیان، وێڕای هەموو ئازادیخوازان، درێژە بە خەباتی خۆمان بدەین.

کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ئێران
ڕێکخراوی ئیتحادی فیدائیانی خەڵکی ئێران
ڕێکخراوی فیدائیانی خەڵکی ئێران(ئەکسەرییەت)

*ڕاگەیاندنی سکرتاریەتی کۆمەڵە*

## پشتیوانی لە رۆژی جیهانی داکۆکی لە مافی کرێکاران

کۆنفیدراسیۆنی نێونەتەوەیی ئیتحادییە سەربەخۆ کرێکارییەکان و فدراسیۆنی ئیتحادییە جیهانییەکان، رۆژی ١٥ی فێبرییە، ڕێکەوتی ٢٥ی ڕێبەندانی وەک رۆژی جیهانی پشتیوانی لە کرێکارانی ئێران ناودێر کردووە. ئەم ڕێکخراوە کرێکارییانە، داوایان لە هەموو ئیتحادیەکان لە سەرتاسەری جیهان کردووە، لە هەر وڵاتێ باڵوێزخانەی کۆماری ئیسلامی لێ¬یە، بە وەڕێخستنی خۆپیشاندانی ئیعترازی، پشتیوانی لە کرێکارانی ئێران بکەن، یان لە نەبوونی باڵوێزخانەی کۆماری ئیسلامیدا، لە بەرانبەر وەزارەتی ناوخۆی ئەو وڵاتە کۆبنەوە و پشتیوانی لە خواستەکانی کرێکارانی ئێران بکەن.

کۆنفدراسیۆنی نێونەتەوەیی ئیتحادییە سەربەخۆ کرێکارییەکان و فدراسیۆنی ئیتحادییە جیهانییەکان، بەمجۆرە باسیان لە خواستەکانی کرێکارانی ئێران کردووە هەتا لە رۆژی جیهانی پشتیوانی کردن لەوان، بەشدارانی ئەو کۆبوونەوانە بیانهێننە ئاراوە:

١. بە رەسمی ناسینی مافی ڕێکخراوی سەربەخۆی کرێکاری لە ئێران
٢. ئازادی مەنسووری ئۆسانلوو و هەموو کرێکارانی لەبەند کراوی شیرکەتی واحد
٣. دان پێدانانی بەڕێوەبەرایەتی شیرکەتی واحد بە مافی کرێکاران بۆ پێکهێنانی سەندیکا
٤. بە رەسمی ناسینی مافی قەراردادی بە کۆمەڵ
٥. دانی هەقدەستە نەدراوەکانی هەموو کرێکاران و ئەندامانی سەندیکا

کۆنفدراسیۆنی نێونەتەوەیی ئیتحادییە سەربەخۆ کرێکارییەکان و بزووتنەوەی ئیتحادییەی ئێران، تین و تەوژم و هیوای نوێ بە خەباتی رەوای ئەوان دەدا کە بە تایبەت لە یەک دەیە و نیوی رابردوودا، خەباتەکەیان لە بێدەنگی راگەیێنەرەکانی ناوخۆ و دەرەوە و لە دۆخێکی نالەبار و دژواری ژیان و ئەمنییەتیدا بەرەوپێش بردووە. کۆمەڵە پشتیوانی هەمەلایەنە لەم هەوڵە نێونەتەوەییە دەکا و بانگەوازی هەموو ڕێکخراوەکانی لاینگری بزووتنەوەی کرێکاری و هەموو خەباتگێران و خوازیارانی بەدی هاتنی ئازادی و مافی مرۆڤ دەکا، بە هەموو توانەوە، بە ناڕەزایی دەربڕین و بەشداربوونیان لەو خۆپیشاندانانەدا، رۆژی جیهانی یەکێتی نێونەتەوەیی کرێکاری بکەن بە ئەزموونێکی نوێ بۆ بزووتنەوەی کرێکاری و سەرجەم بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە ئێران.

هەموو تەشکیلاتی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات، هەموو ئەندامان و لاینگرانی کۆمەڵە لە هەر سووچێکی جیهان، نە تەنیا دەبێ بەشداری لە خۆپیشاندانە ئیعترازییەکانی ئەو رۆژە جیهانییەدا بکەن، بەڵکوو دەبێ ڕێکخەرانی ئیعترازەکانی ئەو رۆژە لە شوێنی ژیان و نیشتەجێ بوونیان بن.

به هێزی یەکێتی نێونەتەوەیی بۆ پشتیوانی لە کرێکارانی ئێران
کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
٢١ی ڕێبەندانی ١٣٨٤
١١ی فێبریەی ٢٠٠٦